Journal of the University of Garmian 7 (2), 2020

Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

10.24271/jgu.2023.101012

# جوگرافیای کارگێڕیی دەوڵەتی ساسانی لەبەر ڕۆشنایی چەند نمونەیەک لە جێ مۆرە کارگێڕییە بڵاونەکراوەکانی مۆزەخانەی سلێمانی

**بەهرە صالح عبدالرحمن , کۆزاد محمد احمد**

بەشی شوێنەوار،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

**Article Info**

Received: October, 2022

Revised: December, 2022

Accepted: April, 2023

**Keywords**

ساسانی، کارگێڕی، سپاهبێد، ئوستاندار، ئامارگەر، موغ

**Corresponding Author**

**پوختە:**

بەپێی سەرچاوەکانی سەردەمی ساسانی، ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکان خاوەنی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی تۆکمە و ڕێکخراو بوون، وە ژمارەیەکی زۆر ناونیشان و پلە و پیشەیی جیاوازیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتەکەیان هەبووە. جێ مۆرە کارگێڕییەکان کە پەپکەی گڵین بە مۆری کارگێڕی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت مۆرکراون، بەڵگەنامەکانیان پێ سەرمۆر کراوە. بە لێکۆڵینەوە لەسەریان کۆمەڵێک زانیاری زۆرمان لەسەر یەکە و پۆستە گارگێڕییەکانی دەوڵەتی ساسانی دەست دەکەوێت، وەک 'سپاهبێد *spābed*'، 'ئۆستاندار *ōstāndār*' و 'ئامارگەر *āmārgar*'ەکان. هەروەها پلە و پێگەکانی وەک موغ و دادوەر و زۆری تر، وە تەنانەت زۆرجار ناوەکانیان و سەردەمی پاشاکانیشیان لەسەر نوسراوە. لەم توێژینەوەیەدا لە سەرجەم ئەو پلە و پۆستانەی شێوازی بەڕێوەبردنی ناو دەوڵەتی ساسانی دەدوێین، بە سود وەرگرتن و پشتڕاستکردنەوەیان بە خوێندنەوەی کۆمەڵێک جێ مۆری کارگێڕیی بڵاونەکراوە، کە نووسینی پەهلەویان لەسەرە و جێ مۆری فەرمیی دەوڵەتی ساسانین و لە ئێستادا لە مۆزەخانەی سلێمانی پاریزراون.

## ئامانجی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا ئامانجمانە کۆمەڵێک پارچەی نوێی شوێنەواری بخەینە بەر دیدەی شوێنەوارناسان و ئارەزوومەندانی بواری مێژوو و شوێنەوار، بۆیە تیشکمان خستۆتە سەر ئەو پێگە و پۆستە کارگێڕیانەی لەناو پێکهاتەی دەوڵەتی ساسانیدا هەبوون. هەروەها هەوڵمانداوە بەڵگەی بەرچاو بەکاربهێنین بۆ سەلماندنی توێژینەوەکەمان بەشێوەیەکی ئەکادیمی. بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەک جێ مۆری بڵاونەکراوەی کارگێڕی کە سەرجەمیان نووسینی پەهلەویان لەسەرە و بەشێکن لە پارچەکانی مۆزەخانەی سلێمانی، بۆ یەکەم جارە لێرەدا بڵاوئەکرێنەوە، وەکو بەڵگەی نوسراو بەکارمان هێناون و گرینگی ئەو پارچانەمان بەرچاو خستووە. سەرجەم نووسینە پەهلەوییەکانی سەریانمان خوێندووەتەوە بەسود وەرگرتن لە کۆمەڵێک سەرچاوەی گرنگ لەو بوارەدا.

## ساسانییەکان:

لە سەرەتای سەدەی سێیەمی زاینیدا دەسەڵاتی ئەشکانییەکان بەرەو پوکانەوە و لاوازبوون چووە. هەر شارێکی گرنگ و بەرچاو، یەکێک لە فەرمانڕەوا ناوچەییەکان دەستیان بەسەردا گرتووە و فەرمانڕەواییان کردووە. شاری ئیستەخریش یەکێک لە شارە گرنگەکان بووە، لەو کاتەدا کەوتۆتە دەستی گووچێهرناوێك، کە یەکێک لە میرانی خانەدانانی 'بازڕەنگی *Bāzrangī*' بووە (کریستێنسێن، ٢٠١١، ١١٣). ساسانییەکان نازناوی بنەماڵەکەیان لە ساسانەوە وەرگرتووە، کە جەنگاوەرێکی بەهێز و گەورە موبەدی پەرستگەی خواوەند ئەناهیتا بووە لە شاری ئیستەخری هەرێمی فارس لە ڕۆژئاوای ئێران. لەدوای ساسان 'پابەگ *Pābak/Pābag*' جێی گرتۆتەوە (Ilkka & Maksymiuk, 2018, 20).پابەگ ئەردەشێری کوڕی کردۆتە سەرکردەیەکی پلە بەرزی سەربازی و پایەی

'ئەرگبود/ئەرگبەد'ی(١) بۆ ستاندووە. لەدوای کۆمەڵێک شەڕ و ململانێ دواجار ئەردەشێر توانی لە ساڵی ٢٢٤ ز. لە دەشتی هورمزدەگان بەسەر 'ئەردەوانی چوارەم *Artabanus IV*'ی ئەشکانیدا سەربکەوێت، وە نازناوی 'شاهان شا' واتە "پاشای پاشایان" لەخۆی بنێ (کریستێنسێن، ٢٠١١، ١١٥). لە پەرستگای 'ئاناهیتا' لە ساڵی ٢٢٦ ز. تاجی پاشایەتی لەسەر ناوە و ئیمپراتۆریەتی ساسانی دامەزراندووە (Frye, 1984, 292) ئیمپراتۆریەتی ساسانی تا ساڵی ٦٣٧ ز. بەردەوام بووە. نزیکەی ٣٥ پاشا بەدوای یەکدا فەرمانڕەواییان کردووە، تا لەو ساڵەدا و لە سەردەمی یەزدەگردی سێیەم، لەلایەن موسڵمانەکانەوە تەیسەفونی پایەتەختی ساسانییەکان گیراوە. بەوەش دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ساسانی لە میسۆپۆتامیا و کوردستان لەناوچووە (Daryaee, 2006-7, 21; Frye, 1984, 338).

شێوازی کارگێڕیی دەوڵەتی ساسانی:

هەر لەو کاتەوە ئەردەشێر جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، ووڵاتی ئێران بۆ یەکەم جار بووە خاوەنی هەستێکی نەتەوەیی بەهێز، سیستەمی چەقگەراییان پەیڕەوکرد. زۆربەی شێوازی ڕێکخستنەکانی دەوڵەتی ساسانی و شێوازی فەرمانڕەوایی بۆ ئەردەشێری دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی دەگەڕێتەوە؛ هەرچەندە هەندێک گۆڕانکاری لە سەردەمی پاشاکانی دواتردا کراوە، بەڵام ئەردەشێر بە بنیادنەری پایە و ڕیزبەندییەکانی دەسەڵات و دەوڵەتداریی ئیمپراتۆرییەتی ساسانی دادەندرێت (الكعبي، 2008، 72). وە لە گرنگترینی ئەو گۆڕانکاری و ڕێکخستنانە، بەکارهێنانی نازناوی 'شاهانشا' واتە "پاشای پاشاکان" ئەم نازناوە لە سەردەمی ئەخمینییەکانیشدا بەکارهێندرا بوو، بەکارهێنانەوەی ئەم نازناوە بووە هۆی هێمای یەکێتی سیاسی دەوڵەت، هەروەها ئەردەشێر هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی پاشایی بۆ خۆی و پاشاکانی دوای خۆشی دیاریکرد(الكعبي، 2008، 72-73). تەنانەت ئەم هەستە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هەستی مەعنەوی خەڵکیشدا ڕەنگی دابوە، لەگەڵ ئەوەشدا دوو هۆکاری سەرەکی بوونە هۆی دروستبوونی پایەی بەهێزی دەوڵەتی ساسانی ئەوانیش، یەکەمیان سیستەمی چەقگەرایی و دووەمیان دانانی ئایینی فەرمیی وڵات بوو (کریستێنسێن، ٢٠١١، ١٣٠) سیستەمی چەقگەراییەکە لەوەدا خۆی بینیوەتەوە کە پاشا (شاهانشا)ی ساسانی لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتی دەوڵەتدا بووە، ئایینی فەرمیش لە سەردەمی زۆربەی پاشاکاندا ئایینی 'مەزداپەرستی *Mazdēsn*' بووە(Daryaee, 2009, 14) پیاوانی ئایینی ڕۆڵی کاریگەریان بینیوە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا یەکێک لە گرنگییەکانی شاهانشا ئەوە بووە دەسەڵاتێکی بەهێزی بەسەر دامودەزگا کارگێڕییەکانی دەوڵەتدا هەبووە. بەهۆی ئەو ڕاپەڵە بەهێزەی لە نێوان شاهانشا و میر و پاشایانی ناوچەکانی ژێردەستیدا هەبووە، بەشێوەیەک لە کاتی هەر فەرمان و ئەرکێکی شاهانەدا بەشێوەی ناوەندی بەسەر سەرجەم ناوچەکان و یەکە کارگێڕییەکانی دەوڵەتدا جێ بەجێ ئەکرا (الكعبي، 2010، 130).

سەبارەت بە ناوی یەکە و پۆستە کارگێڕییەکان و ناوی کاربەدەستانی ساسانی بەتەوای ڕوون نین، ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەو بابەتە لەگەڵ یەکتر ناکۆکن. لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان بەهۆی چاکسازییەکان کە قوباد و خەسرەوی یەکەم کردوویانە، کە بوونەتە هۆی گۆڕانکاری لەگەڵ شێوازی سەرەتاکانی ساسانی. دووەمیان بەهۆی سەرچاوەکانەوەیە کە ئەو زانیاریانەیان لێوە وەردەگیرێ. بۆ نمونە زۆربەی زانیاریەکان لە سەرچاوە ئیسلامیەکانەوە وەرگیراون، بەتایبەت ئەوانەی سەردەمی عەباسی. لەم بابەتەدا ئەبێت ئاگاداری ئەوە بین، کە ئەو دابەشکارییە کارگێڕییە لە کۆتایی ساسانییەکان نزیکترە. سەبارەت بە سەرچاوەکانی فارسیی ناوەڕاست لەم بوارەدا یەکێک لە دەقە گرنگەکان، کە بە "شەرستانهای-ئێران' شەهر *Shahrestānhā-ī Ērānshahr*'ناسراوە. کە هی سەردەمی خەلیفە ئەلمەنصور (754-775 ز.)ن. ڕەنگە نوسەرەکەی پشتی بە سەرچاوە ساسانییە ڕەسەنەکان بەستبێت. هەروەها زۆرێک لە زانیاریە کارگێڕییەکان لە کتێبی'مادیان ی-هەزارداستان '*Madīyān ī Hazār Dādestān*'هاتوون. کە سەردەمی خەسرەوی دووەم نوسراوە. هەروەها لە سەرچاوە ساسانییەکانی تری وەک نووسینەکان و مۆرەکان، جێ مۆرەکان و سکەکان زانیاری زۆر بەردەست خراوە. هەرچەندە ئەم بابەتە کۆتایی پێ نەهاتووە، وە بەردەوامە لەگەڵ دۆزینەوە و لێکۆڵینەوەی نوێ لەو بابەتانەدا (Daryaee, 2009, 123). هەروەها کۆمەڵێک زانیاری لەسەر پلە و چینە کۆمەڵایەتیەکانی ساسانی لەسەر بەردەنووسی 'حاجی ئاباد' نووسراوە، کە تیایدا شاپوری یەکەم باسی تیرهاوێژەکان لە چینەکانی شەهرەداران، واسپورهان، و وزورگان و ئازادان دەکات. ڕیزبەندییە چینایەتییەکان چەق بەستوو نەبوون، بەڵکو هەندێک جار گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە. هەروەها ئەبێت ئەوەش لەبەر چاو بگرین، کە دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگا ڕەگ و ڕیشەی لە ئەشکانیەکانەوە بۆ ساسانییەکان ماوەتەوە (کریستێنسێن، ٢٠١١، ١٣٢)· بەپێی نامەکەی تەنسەر ئەردەشێر پێکهاتەی کۆمەڵگای بەسەر چوار چینی سەرەکیدا دابەشکردووە، کە ئەوانیش:

١- پیاوانی ئایینی 'ئەسرۆنی *āsrōnīh*'، ئەمانیش بەسەر چەند دەستەیەکی وەک موغەکان، دادوەران، پارێزەرانی پەرستگا و مامۆستایاندا دابەش دەبوون، هەروەها چینی زاهیدانیش سەر بەم چینە بوون.

٢- لەشکریان یان پیاوانی سوپا 'ئەرتەشتاری *artēštārīh*' بەسەر(سوارە و پیادە)دا دابەش دەبوون.

٣- نووسەران 'دبیر *Dibīr*' ئەمانیش بەسەر چەند گروپێکدا دابەش دەبوون، کە نووسەرانی ژمێریاری، نووسەرانی حوکمی دادگاکان، پەیوەندییە فەرمییەکان، تۆمارکەری بڕیار و پەیماننامەکان، مێژوونووسان، ئەستێرەناسان و شاعیرانی دەگرتەوە.

٤-پیشەوەران یان سەنعاتکاران ′هوتوخشیک *hutuxšīhk*′ ئەمانیش لە پزیشکان، چینی گشتی خەڵک، وە خاوەن پیشەکانی وەک بازرگانان، جوتیاران، سەوداکەران و کرێکاران پێکهاتبوون (مینوی، ١٣٥٤(١٩٧٦م)، ٥٧ & Ilkka) Maksymiuk, 2018, 53; هەروەها هەر یەک لەو چینانە سەرۆکێک یان سەردەستەیەکیان هەبووە. ئەم ڕیزبەندییانە ئاڵوگۆڕیان تیادا نەئەکرا، تەنها ئەگەر توانایەکی شایستەو دەگمەن بدۆزرایەتەوە ئەوسا دۆسیەیەکی تایبەتی بۆ ئەکرایەوە و ئەخرایە بەردەمی پاشا بۆ بڕیاردان(Boycy, 1968, 38).

ناوی ئەو پۆست و بەڕێوەبەرێتییە کارگێرییانەی لە سەرچاوەکانی فارسی ناوەڕاستدا ئاماژەیان پێکراوە، ژمارەیەکیان بناغەیان بۆ سەردەمی ئەخمینییەکان دەگەڕێتەوە، وە لە سەردەمی ئەشکانیەکانەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان پەڕیونەتەوە. بەڵام لە سەردەمی ساسانیدا بەردەوامییان پێدراوە. بۆ نمونە پۆستی شەهراب بە درێژای سەردەمی ساسانی بەردەوام بووە، وە هەروەها ′ئەندەرزبێد/ هەندەرزبەد *handarzbed/Andarzbad*′. بەڵام پۆستی ′ویسمەگان *Wismagān*′بەڵگەکان وا پیشان ئەدەن تەنها تا سەدەی چوارەمی زایینی بەردەوام بووبێت، وە ′ئامارگەر *āmārgar*′ و ′مەرزەبان *marzabān*′ بە درێژای سەردەمی ساسانی بەردەوام بوون. هەرچەندە هەندێک لە بەڵگەکان تەنها سەردەمەکانی کۆتای ئەسەلمێنن، بەڵام ئێران سپاهبێد بەشێوەی دابەشکاری بەسەر چوار قۆڵدا تا سەدەی شەشەمی زایینی دەرنەکەوتووە (Gyselen 2019, 252). خەسرەوی یەکەم (ئەنەوشیروان) پلەی ′ئێران-سپاهبێد′ ی لابرد و چوار سپاهبێدی بۆ هەر چوار لای دەوڵەت دانا، سپاهبێدی ڕۆژهەڵات هێزەکانی خوراسان، ساکستان و کیرمانی لە ژێردەست بوو. سپاهبێدی باشور بۆ هێزەکانی پارس وخوزستان. سپاهبێدی ڕۆژئاوا هێزەکانی ئاسوریستان تاسەرسنوری لەبەردەستدابوو. سپاهبێدی باکور بۆ هێزەکانی مادی گەورە و ئازەربایجان (ئادورپادەگان) Tafazzoli, (2000, 8-9; کریستێنسێن، ٢٠١١، ٤٦٨).

چەند پۆستێکی کارگێڕیی گرنگی دەوڵەتی ساسانی:

١-شاهەنشا- پاشای هەموو وڵات و دەسەڵاتی ناوەندیی هەموو ئیمپراتۆریەتیەکەی لە دەستا بووە. فەرمانی لە ڕێگەی پاشایانی ناوچەییەوە بەسەر گشت هەرێمەکاندا داوە.

٢-پاشا ناوچەییەکان- ڕاستەوخۆ دەسەڵاتیان بە شاهنشاوە بەسترابوو. لە ڕووی دەسەڵاتەوە ڕایەڵەی پەیوەندیی نێوان ناوەند و ناوچەکانی خۆیان بوون.

٣- ئەندەرزبێد/ هەندەرزبید *handarzbēd/Andarzbad*- (ڕاوێژکار) ئەم پۆستە ڕاستەوخۆ دوای پاشای هەرێم دێت، کاری سەرەکی پێشکەشکردنی ڕاوێژ بۆ پاشا بووە، بۆیە ئەم پۆستە شارەزایی و لێهاتووی زۆری لەبواری بەڕێوە بردنی دەوڵەتدا پێویست بووە، وە ئەم پێگەیە لە نێوان هەرێمەکاندا هاوبەش بووە، وە پێگەیەکی سەرەکی بۆ سەرۆکی ڕاوێژکاران لە دەرباری پاشادا لەتەنیشتی پاشاوە داندراوە (الكعبي، 2010، 133).

٤-شەهراب *šahrab*- لە سەرچاوە یۆنانیەکان بە ′ساتراب′ ناوی ئەبەن. ئەم پۆستە کارگێرییە بۆ سەردەمی ئەخمینیەکان دەگەڕێتەوە. بە واتای فەرمانڕەوا یان پارێزگار هاتووە، ئەرکیان بەڕێوەبردنی ناوچە سەرەکیەکانی دەوڵەت بووە (الكعبي، 2010، ص. 134).

٥- موبێد *Mowbed*- موغەکان تیرە و توێژێکی نەتەوەی ماد بوون، کە پلەی ڕێبەرایەتیی ئایینی بەئەوان تایبەتکرابوو، نزمترینیان موغان بوون، پاش ئەوان موبەدان و هێربەدان و موبەدی موبەدان، هەروەها لە ناویاندا چینێک هەبووە پێیان وتوون مامۆستایان کە بەم چینەیان وتووە ′موغانی ئەندەرزبێد′ هەر یەک لەمانە لەو کاتەوەی ئایینی زەردەشتی باڵی بەسەر ڕۆژئاوا و باشوری ئێران، بەتایبەت هەرێمی فارس و ماددا کێشابوو خاوەن کار و ئەرکی تایبەت بوون. لە کتێبی ئاڤێستادا پێیان ووتون ′ئەسرۆنی *āsrōnīh*′ (Ilkka & Maksymiuk, 2018, 53) بەڵام لە سەردەمی ئەشکانی وساسانیدا زیاتر موغ یان موغانیان پێ ووتون (کریستێنسێن، ٢٠١١، ١٤٣). سەرۆکی قەشەکان، ئەم نازناوە لە سەدەی سێیەمی زایینییەوە دەرکەوتووە. بەتایبەت لە سەردەمی هورمزی یەکەمەوە، کاتێک ′کەردێر′ سەرۆکی پیاوانی ئایینی زەردەشتی پێی ووتراوە: ′موبێدی هورمزد *Ohrmazd mowbed*′. بەڵام دواتر لە سەردەمی بەهرامی یەکەمدا ناونیشانی بە « *Kerdir ī boxt-ruwan-wahrām ī ohrmazd mowbed*» گۆڕاوە، واتە" کەردێری موبێدی دڵسۆزی بەهرام و هورمزدی پیرۆز". لە سەردەمەکانی دواتردا دەسەڵاتی زیادی کردووە و کۆمەڵێ پۆستی ترکەوتوونەتە ژێر فەرمانی (موبێد) ەوە، لەوانەش ′هەمشەهر موبێد -ئود- دادوەر *hamshahr mowbed ud dādwar*′ واتە "سەرۆکی موبێد و دادوەری هەموو ئیمپراتۆریەت" وە ′ئیوان بێد *ēwānbed*′ "سەرۆکی دیوان" کە بەرپرسی بۆنەکان بووە، لە سەدەی چوارەمدا نووسینگەی موبێد گرنگ بووە، و لە لیستی فەرمانگەکانی خواروی ′هەزاربێد *hazārbed*′ و لە سەرووی ′شەهر-ئەمار-دەبیر *Shahr-āmār dibīr*′ بە واتای "نووسەری ئاماری دەوڵەت" دانراوە( Daryaee, 2009, p.128) .

٦- ′دبیر *Dibīr*′- "نووسەر" ئەم پێگەیە بە یەکێک لە پۆستە گرنگەکانی بەڕێوەبەرییەتی دەوڵەت داندراوە. بەپێی ڕیزبەندیی ′تەنسەر′ کەوتوونەتە چینی سێیەمەوە (مینوی، ١٣٥٤(١٩٧٦م)، ٥٧ ;Tafazzoli, 2000, 19) بەڵام لە سەردەمەکانی دواتردا زۆرجار لە ڕیزبەندیی چوارەمدا هاتوون. ئەوەی جێی سەرنجە ئەم پۆستە لە ناوەندەوە دابەزیوە، کاریگەریی بەهێزی لەسەر گرێدانی هەرێمەکان بە ناوەندەوە هەبووە. لە سەردەمی ئەردەشێرەوە بە ناوی ′دیبربود′ەوە بەکار هاتووە (الكعبي، 2010، 135-136). هەروەها ئیش وکار و پلەی دبیرانیش جیاواز بووە، بۆنمونە، ′داد دبیر *dad-dibīr*′ نووسەری دادگا تایبەت بووە بە کاری دادگاکان، وە ′شهر-ئامار-دبیر- *šāhr*

*ʿāmār-dibīr* نووسەری ئاماری دەوڵەت بووە، ’ئاتەش-ئامار-دبیر’ *ʿātaš(an) (h)- āmār- dibīr* کە تایبەت بووە بە داهاتی پەرستگاکان، وە چەند جۆری تر. هەروەها ئەم پیشەیە لەڕووی پاشخانی کەسییەوە شارەزاییەتییەکی زۆری پێویست بووە. بەتایبەت نووسەرانی دەرباری پاشا پێویست بووە لەڕووی هەڵسوکەوت و توانای دەربڕین و زمان پاراوییەوە لێهاتووبن، وە ئاکاری سیاسیش شارەزابن. چونکە ئەمان لە ڕێگەی نامە فەرمی و نووسینەکانیانەوە لەگەڵ ڕووداوە سیاسیەکانیش مامەڵەیان دەکرد. وە ئەو نووسەرانەی کە دوو زمان یان زیاتریان زانیوە وەک وەرگێڕیش کاریان کردووە، بە تایبەت نووسەرانی دەرباری پاشا. هەروەها دبیرەکان هەر لە منداڵییەوە لە ’دبیرستان *dibīristān*’ ڕاهێنانیان پێدەکرا و لەسەر ئاکاری نووسەری ڕادەهێندران(کریستێنسێن، ٢٠١١،١٦٠ Tafazzoli, 2000, 27-29;)· ژمێریارەکانیش کە سەر بەم چینە بوون ئەرکی گرینگیان پێدەسپێردرا، وەکو سەرپەرشتیکردنی داهاتی گەنجینەکان کە پێیان دەوترا ’گەنج ئامار دبیر *ganj-(h) āmār-dibīr*’ هەروەها سەرپەرشتی سەرژمێریکردنی کۆکردنەوەی باج و دەرامەتی دەوڵەتیشیان دەکرد(Tafazzoli, 2000, 31) .

**جوگرافیای کارگێڕی:**

دابەشکارییە کارگێڕییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر کراون، بەتایبەت ساڵانی پێش١٩٨٩ توێژەرانی ئەوسا کەمتر پشتیان بە مۆر و جێ مۆرەکان بەستبوو، بەڵام لە دوای دەرکەوتنی بەڵگەی سەر مۆرەکان، ڕیزبەندییە کارگێڕییەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. زۆرترین ئەو مۆرانەی پشتیان پی ئەبەسترێت بۆ دوای ماوەی فەرمانڕەوایی قوبادی یەکەم دەگەڕێنەوە. مۆرەکانی سەرەتای ساسانی بە تایبەت سەدەی سێیەم و چوارەم بە مۆری پێش مۆرە کارگێڕییەکان داندراون(Gyselen 2019, 4). بەپێی زانیارییەکانی پاشماوەی بەڵگە کارگێڕیی و داراییەکانی وەک مۆرەکان و نووسینەکان شێوازی بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ژێردەستی ساسانییەکان بەسەر چەند یەکەیەکی کارگێڕییدا دابەشکرابوون. گەورەترین ناوەند ’شارستان*Šahrestan*‘ ی پێ دەوترا (Daryaee, 2009, 125) لە شێوازی بەڕێوەبردندا شارە سەرەکییە ساسانیەکان لەلایەن ’شەهراب‘ەوە بەڕێوە ئەبران، کە ئەم شەهرابانە لەلایەن پاشاوە دائەندرا ,Litvinsky, 1996). (45 لەوان بچوکتر لە نووسینەکانی، فارسی ناوەڕاستدا بە ’شتری *štry*‘ نووسراون بەواتای شار لەلایە ’شەهرەدار *Šahrdar*‘انەوە بەڕێوە ئەبران. هەروەها سکەکانیش شان بەشانی مۆرەکان ڕۆڵی بەرچاویان لە شارەزابوون لە شێوازی یەکە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی ساسانیدا هەیە، چونکە زۆرجار ناوی یەکە کارگێڕییەکان لەسەر سکەکان ئەبیندرێن، کە شوێنی لێدانی سکەکانە Gyselen). (2019, 2 هەروەها ’ئامارگەر*āmārgar*‘ سەرپەرشتیاری دارای قەزایەک یان چەند قەزایەکی ئەکرد. وە یەکەیەکی تریش زۆرجار بەدەرکەوتووە، ئەویش پێی وتراوە ’خوست/کوست *kust*‘ هەر کوستێک لە ژێر فەرمانی سپاهبێدێکدا بووە. هەروەها ئەم دابەشکاریی تریشیان هەبووە، وەک ’تاسوق/تاسوگ *tasug*‘ کە ڕەنگە چەند قەزایەک بووبێت. هەروەها شارەکان یان قەزاکان

بەسەر چەند ’ڕۆستەگ *rustag*‘ێکدا دابەشکرابوون، بچوکترین یەکەی کارگێڕیش بریتیبووە لە ’دێ *deh*‘ کە لە لایەن ’دێهقان *dehgān*‘کانەوە بەڕێوە براون(Daryaee, 2009, 124).

دێهقانەکان، ئەو قوڵە ئاغایانە بوون، کە سەرپەرشتی زەوییە کشتوکاڵییەکانیان دەکرد. بەڵگەکان وای دەردەخەن، کە لە سەرەتای ساسانییەکاندا نەبوون، بەڵکو لە دوای چاکسازییەکانی خەسرەوی یەکەمەوە دامەزراون. بۆ هەر دێیەک دێهقانێک داندرابوو. زۆر جار خەڵکی دێکانیان دەچەوساندەوە و لە خزمەتی خۆیاندا بەکاریان دەهێنان. بە پێی پێگەی خۆیان بەسەر پێنج چینیدا دابەشکرابوون، کە بەشێوەی جل و بەرگیان جیاکرابوونەوە. ئەرکی سەرەکیان کۆکردنەوەی باج بوو، بەڵام لە کۆتای سەردەمی ساسانیدا بەجۆرێک دەسەڵاتیان زیادی کردبوو، وەکو میرێکی ناوخۆی ڕەفتاریان دەکرد-Tafazzoli, 2000, 41). (45

بە تێڕوانینی ئێمە ئەم دابەشکاریانە، لە هەموو هەرێمەکانی دەوڵەتی ساسانییدا وەک یەک نەبوون، زۆربەی هەرێم و ناوچە کارگێڕییەکان شێوازی تایبەت بە خۆیانیان هەبووە، بەشێوەیەکی گشتی و بە نزیکەیی دەتوانین بڵێین هەر هەرێمێک بەم شێوەیە دابەشکراوە:

| یەکەی کارگێڕی | بەراورد بە ئێستا بە نزیکی؟ | بەڕێوەبردن |
| --- | --- | --- |
| شارستان، *Šahrestan* | هەرێم | شەهراب *šahrab* "پارێزگار" |
| ئۆستان- *ōstān* | مەڵبەند؟ | ئۆستاندار- *ōstāndār* |
| شتری *štry* | شار | شەهرەدار- *Šahrdar* |
| کوست *kust*’ | ناوچە | سپاهبێد- *Spāhbed* |
| تاسوگ *tasug* | چەند قەزایەک؟ | ئامارگەر- *ʕāmārgar* |
| ڕۆستەگ *rustag* | ناحییە (کۆمەڵە دێیەک) | ئامارگەر- *āmārgar* |
| دێ- *deh* | گوند | دێهقان *dehgān* |

**چەند نمونەیەک لە جێ مۆرە فەرمییە بڵاونەکراوەکانی مۆزەخانەی سلێمانی:**

جێ مۆرەکان کە لەسەر پەپکە گڵینەکان،*(Bullae)* بریتین لە پەپکە یان تۆپەڵە قوڕێکی مۆرکراو، لە کاتی مۆرکردنی بەڵگەنامەکاندا بەهۆی پەتێک یان قوماشێکەوە بەڵگەنامەکانیان پێ سەرمۆر کراوە. هیچ کات بەڵگەنامەکانیان تێوە نەپێچراوە،

بەڵکو بەڵگە نامەکان لولدراون پاشان بە پەتێک توندکراون، دواتر ئەم تۆپەڵە قورەیان لەسەر شوێنی گرێکەی پێچاوە و مۆریان کردووە. لە کاتی کردنەوەی بەڵگەنامەکاندا جێ مۆرەکەیان لە پەتەکە دەرکێشاوە. بۆیە زۆرجار کونێک لە ناوەڕاستیاندا یان لە قەراغەوە دروست بووە، یان پاشماوەی کەلێنێک یان چاڵێک یان دوو کونی لەم سەر بۆ ئەو سەر بە شێوەی ڕاست و چەپ لە بەشی پشتەوەی شوێنە مۆرنەکراوەکە بەهۆی ئەو پەتەوە دروست بووە(Frye, 1973, 42).

لێرەدا کۆمەڵێک لەو جێ مۆرانە تاوتوێ دەکەین، کە سەرجەمیان نووسینیان لەسەرە و جێ مۆری کەسانی کاربەدەستی ساسانین. کە بۆ سەرمۆرکردنی بەڵگە نامە فەرمی و بەڵێن نامەی نیوان کاربەدەستانی میری و کەسانی ئاسای بەکاریان هیناون. هەروەها جێ مۆری پیاوانی ئاینیش کە بۆ کاروبار و داهاتی پەرستگاکان بەکاریان هێناون و بەڵگەنامە ئایینی و دادگاییەکانیان پێ سەرمۆر کردوون.

**١-'سپاهبێد، فەرماندەی سوپا ٢**

وەهرام/ئەدورمەهان (سەردەمی خەسرەو) *Wahrām/ Ādurmāhan*






وێنەی (ج. م. 1) جێ مۆری: SI 01415، SM.054807 کڕین: 19-7-2009، تیرە: 7.5سم، بەرزی: 8.4سم.

جێ مۆرێکی گڵینی بازنەییە، بە چوارچێوەیەکی بازنەیی تەخت دەورە دراوە. دیمەنی ئەسپسوارێکی لەسەرە، ڕووەو لای ڕاستە. زرێیەکی لەبەردایە، کڵاوێکی خڕی تەختی لەسەردایە، وە ڕمێکی درێژی بەدەستەوەیە. ئەسپەکەی بە شێوەی ڕازاندنەوەی ئەسپی شاهانەی ساسانیی ڕازێندراوەتەوە، سەر و بەروانکەکەی بە ڕووپۆشێکی گوڵینکەداری زرێ داپۆشراوە، کە بەشی پێشەوەی لە شێوەی خەتخەتی نیمچە ئاسۆییدا دەردەکەوێت. دوو گوڵینکەی درێژکۆلەی گەورە بە پێش و پاشی لای ڕاستی ئەسپەکەدا شۆڕبوونەتەوە. لای قاچی ئەسپسوارەکەوە پارچەیەکی شێوە لاکێشەی درێژکۆلە شۆڕبۆتەوە ڕەنگە کێلانی شمشێرەکەی بێت.؟ وە ئەسپەکە لەباری ڕۆیشتندایە. هەروەها لە ئاستی (کاتژمێر٣)دا چاڵێکی بازنەی بچوک هەیە، شوێنی ڕاگری سەری مۆرەکە (مستیلەکە) یە لە کاتی مۆرکردندا لەسەر قوڕەکە شوێنەکەی دەرچووە. ئەم مۆرانە زۆرجار بەشێوەی مستیلە لە پەنجە کراون، مۆرەکە لە شوینی نقێمی مستیلەکەدا جێگیر کراوە.

وە ئەسپسوارەکە، بە سێ دێڕ نووسینی پەهلەوی دەورەدراوە. بە پێی سوڕانەوەی میلی (کاتژمێر٤) دێری یەکەمی نووسینەکە لە قەراغەوە، لە (کاتژمێر٥ بۆ٥) درێژ بووەتەوە، واتە بە تەواوی چواردەوری ئەسپسوارەکەی داوە. دێڕی دووەم لە (کاتژمێر٤ بۆ ٨)، دێری سێیەم لە (کاتژمێر١١ بۆ٩) درێژبۆتەوە.

**خوێندنەوەی نووسینەکە:**

1) *wlhl'n ZY n'mhw[ʾ]st hwslwdy ʾtwlm'h'n (nyw'n)pt w š'pstn w hwyt,*

i.e. *warhrān ī nāmxwāst khusrō ādurmāhā(n) (nēwān)bed ud šābestan ud hujad<ag>*

2) *k hwslwdy LBA ’yl’n AT kwst’ ZY nymlwc,*

i.e. *khusrō wuzurg ērān//AT// kust ī nēmrōz*

*3) sp’hpt,*

i.e. *spāhbed.* (Gyselen,2019, 451; Gyselen 2007, 262)

واتە:

(’وەهرام *Wahrām* کە ناوی ’ئەدورمەهان *Ādurmāhan*’ە لەلایەن ’خەسرەو *Khusrō*’ ووەوە (بۆ ئەو) وە نێوان بێد (سەرۆکی دیوان) و بەندە و فاڵی باشی خەسرەو، گەورە سپاهبێدی ئێران، کوستی نیمرۆز (لای باشور). دوو پیتی مۆنۆگرام A,T.)

لەم نوسینەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ’وەهرام ئەدورمەهان’ سپاهبێدی باشوری ئیمپراتۆریەتی ساسانیی بووە. لە هەمان کاتدا سەرۆکی دیوانیش بووە.

٢-’داد-بزور-میهر’ ئەسپ بێدی پەهلەو. *Dād-Burz-Mihr ī aspbed ī pahlaw*





وێنەی (ج. م. ٢) جێ مۆری: SI 00973، SM.054365
کڕین:15-4-2009 ، تیرە: 4سم، بەرزی:4.3سم.

پەپکەیەکی گڵینی شکاوی شێوە نارێک، جێ مۆرێکی گڵینی هێلکەیی لەسەرە، بە لێوارێکی بازنەیی تەخت دەورە دراوە. لە دوو لای خوارووییەوە پەپکە قورەکەی جێ مۆرەکەی لەسەرە شکاوە. هەروەها بەگشتی جێ مۆرەکە، بەهۆی کاریگەری سوتانەوە رەنگێکی رەشی تێری وەرگرتووە، (رەنگە ئەو شوێنەی ئەم جێ مۆرەی تیا دۆزرابێتەوە توشی رووداوی سوتان هاتبێت). دیمەنێکی لەسەرە، دوو ئەسپی باڵداری یاڵی درێژ بەشێوەی رووبەڕووی یەک وەستاون، وا دەردەکەون لە کاتی چوارناڵەدا چنگاوێژی یەک بووبن. لە نێوانیاندا هێمایەک هەیە. لە دوو نیوە مانگی پێکەوە لکاو پێکهاتووە، یەکێکیان ڕووەو سەرەوەیە ئەوی تریان ڕووەو خوارەوەیە. کە هاوشێوەی پیتی(ئەلف)ی پەهلەوین بە شێوەی پێچوانەی یەکتر داندراون. دیمەنەکە بە دێڕێک نووسینی پەهلەوی دەورە دراوە لە ئاستی (کاتژمێر ٤ بۆ ٤)درێژ بۆتەوە.

d’t bwlcmtly ZY ’sppty ZY [ph]lwby [p]n’h ’L bwlcynmt[ly],

i.e. Dādburzmihr ī aspbed ī pahlaw panāh ō burzénmihr,. (Gyselen, 2007, p. 286).

"داد-بزور-میهر، ئەسپ بێدی(فەرماندەی-ئەسپ سوارەکان) ی پەهلەو، پەنا بۆ بورزێن میهر.

٣-ئۆستاندار-*ōstāndār*

وێنەی (ج. م. 3) جێ مۆری: SI 01398، SM.054790
کڕین:-19-7-2009 ، بەرزی: 4.6سم، تیرە:4.5 سم.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەیی، لە ناوەڕاستیدا جێ مۆرێکی بازنەیی کارگێڕیی لەسەرە. لە ناوەڕاستەکەیدا ناوی شاری ’سند’ی لەسەر نووسراوە، بە دوو ڕیز، ڕیزی یەکەم وشەی ’سن’ لە ڕیزی دووەمدا تەنها پیتی ’د’ نوسراوە. لە چواردەورەکەی وشەی ئوستاندەری لەسەر نووسراوە، لە

شوێنی نزیک (کاتژمێر١٢بۆ٦)وه به پێنج شێوه بازنەی بە دوای یەکدا هاتوو کۆتای هاتووە. پارچەکە جێ مۆرێکی تری بچوکی شێوه هێلکەیی لەسەرە، لەسەر لیواری مۆری یەکەم لە شوێنی (کاتژمێر٥)، دیمەنی باڵندە (مراوی؟)یەکی لەسەرە، ڕووە ولای ڕاستە. نووسینی مۆرەکەی ناوەند بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

1) sn ,
2) d,
’wt’nd’l ooooo , *sind ōstāndār* -ئۆستانداری سند-
(Gyselen, 2007, 228; Gyselen 2002, 71)

٤-ئامارگەر-*Āmārgar*

وێنەی (ج. م. 4) جێ مۆری: SI 00879، SM.054271
کڕین:-15-4-2009 . بەرزی:4.1 سم، تیرە:4 سم.

جێ مۆرێکی گڵینی بازنەی، دوو مۆری لەسەر کراوە، یەکیان مۆرێکی کارگێرییە، لە ناوەڕاستیدا نووسینێکی لەسەرە. بەشێکی لێ شکاوە لە ئاستی (کاتژمێر٢بۆ٣)دا. نووسینی سەر مۆرەکەی ناوەڕاست لە سێ دێڕ پێکهاتووە، لە ناوەڕاستی مۆرەکەدایە، بە دەوریاندا دێڕێکی تر هەیە لە شوێنی کاتژمێر (٨بۆ١٢)درێژ بۆتەوە بە چوار شێوە بازنەیی بچوکی بەدوایەکدا هاتوو. هەروەها لە سەر لێواری مۆری ناوەڕاست لە ئاستی (کاتژمێر٧)دا مۆرێکی بچوکی تری لەسەرە، کە لە هێمای نیوە مانگێک لەگەڵ دوو پیتی




پەهلەوی(الف،’، د/کاف,d/k) پێکهاتووە. هەروەها نووسینی سەر مۆری ناوەڕاست بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

1)’pzwt,” abzūd ئەبزوت ”
2) hwslkdy, “husraw خەسرەو”
3)’m’lkl, “āmārgarئامارگەر”
Štl wyn ’lt yzdklty oooo, “šahr-winnārd-yazdgerd, شار- وینارد-یەزدەگرد”
Āmārgar of Abzud Husraw/Husraōy, and šahr-winnārd-yazdgerd. (Gyselen 2019, 438)
"ئامارگەری ئەبزود خوسرەو و شار- وینارد-یەزدەگرد"

وشەی ’وینارد *winnārd*‘ لێرەدا بە واتای ڕێکخەر یان دامەزرێنەر(Mackenzie, 1971, 91) وە ’شهر-وینارد- یەزدەگرد šahr-winnārd-yazdgerd‘ ئەو شارەی یەزدەگرد دایمەزراند یان ڕێکی خست. وشەکە بەسەر یەکەوە ناوی شارەکەیە، ئەم جی مۆرەش هی ئامارگەر(ژمێریار)ی ئەوشارەبووە.

٥-موغ *mowūh*:






وێنەی (ج.م. 5) جێ مۆری: SI 01526،
تیرە:4.8سم، بەرزی:4.8سم
دیاری بەڕێز: فاخر فایەق ڕەشید، لە ناوچەی زەرایەن، سەر بە پارێزگای سلێمانی، لە 13-9-2000 پێشکەشی مۆزەخانەی سلێمانی کردووە.

پەپکەیەکی گڵینی شێوه بازنەی، دوو جێ مۆری بە تەنیشتی یەکەوەی لەسەرە. دانەیەکیان تەنها نووسینی لەسەرە، بە شێوەیەک لەسەر ناوەڕاستەکەی دوو نیوە دێڕ، وە بە دەوریا و لەسەر لێواری مۆرەکە دێڕێک نووسینی پەهلەوی تر نووسراوە. نووسینەکەی سەری بەم شێوەیەیە:

1-mwlwt,
2- mgwh.( Bivar, 1969, 120)
’yl’n ’s’n kl kw’ty;

“mwlwt (mūrōd/mawrūd ??) mowūh, ērān-āsān-kar-kawād” (٢)

"مولوت (مۆرۆد/ مەورۆد؟؟) موغ –ئێران-ئاسانکار –کەواد"

شاری ’ئاسانکار کەواد‘ شوێنەکەی لە سنوری جوگرافیای باشوری کوردستانی ئێستادابووە، کە بەشێکی گرنگی ئیمپراتۆرییەتی ساسانی پێکهێنابوو.

هەروەها لە تەنیشتی جێ مۆرێکی تر هەیە وێنەی کەسێکی بە شێوەی ڕووبەڕوو لەسەرە، کەسەکە؛ کەسێکی دەموچاو پانی چوارشانەیە، کڵاوێکی تەختی لەسەردایە، لەم لاولایەوە قژە لولەکەی لەژێر کڵاوەکەیەوە هاتۆتەدەرەوە. تا نزیک سەرشانی، لە ئاستی هەردوولای قژەکەی دوو لا(لچک) ی لێوە دەرچووە، وە جلێکی سنگ قەپاتی لەبەردایە، کە پێشەکەی لە شێوەی چەند چینێکی بازنەی هاوشێوەی ملوانکە نەخشێندراوە. هەرچەندە بەهۆی سواوی جێ مۆرەکەوە بە تەواوی نەخشەکەی ڕوون نیە. بەدەوریا دێرێک نووسینی پەهلەوی نووسراوە، بەڵام سواوە و



ناتواندرێت بخوێندرێتەوە. بەدەوری ئەم جێ مۆرەیاندا دوو جێ مۆری بچوکی سواو هەن. دیمەنەکانی سەریان دیارنین. ئەم جێ مۆرانە زۆر جار لە مۆرێک زیاتریان لەسەرە، ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەم بەڵگەنامانە لە نێوان دوو لایەن یان زیاتردا مۆر کراون. هەندێک جار لەلایەن دوو کاربەدەستی دەوڵەت یان زیاتر، زۆر جاریش لە لایەن لایەنێکی فەرمیی و کەسانی ئاساییدا مۆرکراوە. بەپێی جۆری بەڵگەنامە وکەلوپەلەکان مۆرکردنەکانیش ئەگۆڕێن. ئەمەش بە نەخش و نووسینی سەر جێ مۆرەکاندا بۆمان ڕووندەبێتەوە، چونکە مۆرە کەسییەکان زیاتر نەخش و هێمایان لەسەر هەڵکۆڵدراوە، بەڵام مۆرە فەرمییەکان ناوی کاربەدەستەکە یان ناوی پۆستەکەی لەسەر مۆرەکەی نووسراوە. هەروەها هەندێک جار ناوی کەسەکە و پۆستەکەشی لەسەر نووسراوە.






وێنەی (ج.م. 6) جێ مۆری: SI 01524، SM.054916
تیرە:4.4سم، بەرزی:4.5سم

دیاری بەڕێز: فاخر فایەق ڕەشید، لە ناوچەی زەڕایەن، سەر بە پارێزگای سلێمانی، لە 13-9-2000 پێشکەشی مۆزەخانەی سلێمانی کردووە.

پەپکەیەکی گڵینی شێوە بازنەی، پاشماوەی سوتان و ڕەشی لەسەرە، وە تارادەیەک سواوە درزی تێ بووە. لە ناوەڕاستیدا جێ مۆرێکی شێوە بازنەی لەسەرە، دیمەنەکەی سەری، بریتی یە لە نیوە جەستەیەک ( لەسنگی بەرەو سەرەوە)ی کەسێک، کە لە نێوان دوو شێوە باڵدایە. شێوەی لەشی ڕووبەڕووە، بەڵام بە لای ڕاست (لای چەپی خۆی)دا ئاوڕی داوەتەوە، واتە دەموچاوی لەسەرلا دیارە. وە کڵاوێکی لەسەردایە، کە لێوارێکی لە شێوەی دووبازنەی لەسەریەکی هەیە، قژی لە ژێر کڵاوەکەیەوە بە شێوەی پرچی لول تا سەر شانی هاتۆتە خوار. جلێکی سنگ قەپاتی لەبەردایە، وێنەی گوڵێک لەسەر سنگی لە شوێنی بەیەک

گەیشتنی هەر دوو شێوە باڵەکە بەدی دەکرێت. هەروەها وێنەی نیوە مانگێک لەسەر شانی ڕاستییەتی، وە بە دێڕێک نووسینی پەهلەوی دەورەدراوە، لەئاستی (کاتژمێر٤بۆ٨) دریژبووەتەوە. نوسینەکەی سەری بریتییە:

*yzd-šhpwhry? Y mgw Y hwslwd/yʾn; “yazd-šābuhr ī mow ī husrōyān”*(٣)

"یەزد-شاپوری موغی خوسرۆیان(خوسرەوان).

## دەرئەنجامەکان:

١-لەم توێژینەوەیەوە زیاتر ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئیمپراتۆرییەتی ساسانیی خاوەنی چەندین پێگەو پۆستی تایبەت و گرنگ بووە بۆ بەڕێوەبردنی کار و باری دامودەزگاکانی، وە کاری ڕۆژانەی خەڵکی لەڕێی ئەم پۆستانەوە بەڕێ کردووە.

٢- لەم توێژینەوەیەدا پێنج جێ مۆری گڵینی بڵاونەکراوەی مۆزەخانەی سلێمانیمان تاوتوێ کردووە، کە بۆ یەکەم جارە بڵاوئەکرێنەوە. بەهۆی نەخش و نووسینەکانی سەریانەوە کۆمەڵێک زانیاری گرنگمان هەڵهێنجاوە، بۆ نمونە لە سوپادا بەدەر لە پۆستی 'سپاهبێد' پۆستی 'ئەسپ-بێد' یش هەبووە، کە سەرپەرشتی ئەسپسوارەکانی کردووە. هەروەها نەخشی سەر مۆرەکەشیان بریتییە لە وێنەی دوو 'ئەسپ' کە گوزارشتە لە پیشەکەیان.

٣-ناوی کۆمەڵێک یەکەی کارگێڕی و شوێنی جوگرافی گرنگمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە لەسەر ئەم جێ مۆرانە بەنووسینی پەهلەوی نوسراون، وەک ئوستاندەر، ئامارگەر، وە ناوی چەند شارێکی گرنگ بۆ نمونە 'شار- وینارد-یەزدەگرد' و 'سند' وە شاری ئێران-ئاسانکار –کەواد چەند پۆستی گرینگ وەک: سپاهبێد، ئەسپبێد، موغ، ئاسانکار.

٤-خالیکی تر کە جێی سەرنجە دوان لەم جێ مۆرانە لە ناوچەی شارەزوو لەلایەن هاوڵاتییەکەوە بەناوی (فاخر فایەق ڕەشید) دۆزراونەتەوە، لەساڵی ٢٠٠٠دا پێشکەشی مۆزەخانەی سلێمانی کردوون. یەکێکیان کە ناوی شوێن (شار)ی ' ئێران-ئاسانکار – کەواد'ی لەسەرە کە ئەم شوێنە یەکێک بووە لە یەکە کارگێڕییەکانی باشوری کوردستان کە ئەوسا بەشێکی گرنگی دەوڵەتی ساسانی پێکهێناوە، وە نزیکە لە سنوری جوگرافیای گەرمیان کە ئەوسا پێی وتراوە (گەرمیگان) و شارەزوور کە ئەوسا 'سیارەزوور'ی پێ وتراوە(بڕوانە نەخشەی ژمارە١). ئەمەش ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە، کە ناوچەی شارەزوور و گەرمیان بەشێکی زۆر گرنگی دەوڵەتی ساسانیان پێکهێناوە. هەروەها زۆر ڕووداوی سیاسی ئەو سەردەمە لەو ناوچانەدا ڕوویانداوە. هەروەک لە بەڵگە شوێنەوارییە تۆمارکراوەکاندا ئاماژەیان بۆکراوە، وەک شوێنەواری گرنگی پەیکوڵی. ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە و کنەو پشکنینی شوێنەواریی زیاترە لەو ناوچەیەدا.

هەروەها بڵاوکردنەوەی ئەم جێ مۆرانە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی زیاتری شوێنەوارناسانی ناوخۆی و بیانی بۆ ناوچەی شارەزوور و گەرمیان، تا لە داهاتوودا بەڵگەی شوێنەواری زیاتر لەم ناوچەیە بدۆزرێتەوە.

٥- لە نەخش و جل و بەرگ و دیمەنی سەر ئەم جێ مۆرانەوە زۆر لایەنی هونەری سەردەمی ساسانیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، وەک شێوەی پۆشاکی کاربەدەستان. هەروەها شێوەی ڕازاندنەوی ئەسپی شاهانەی و زۆر بابەتی هونەری تر، کە تایبەتمەندن بە هونەری ساسانییەوە.

## پەراوێز:

( 1 ) لە 'ئەرگەبیدس,*Argabidēs´* هاتووە، کە هەمان ئەرگبەدە، بە واتای "دژدار"یان فەرمانڕەوای قەڵا (قەڵاوان)- بەکارهاتووە، پاشان بووەتە پلەیەکی زۆر گرنگی سەربازی. ئەردەشێر خاوەنی ئەم نازناوە بوو، هەر کە بووە بە پاشا ئەم ناوەی تایبەت بە بنەماڵەی فەرمانڕەوا داوە، کە بە باڵاترین پلەی سەربازی دائەنرا. بڕوانە : کریستێنسێن، *٢٠١١*، ل. ١٣٧.

(٢،٣) نووسینەکانیان لەلایەن دکتۆر: Gianfiippo Terribili مامۆستای زانکۆی ساپێنزای ئیتاڵی، پسپۆری بواری نوسینی پەهلەوی خوێندراونەتەوە.

(٤) لە دەستنیشانکردنی وردی دیمەنی سەر جێ مۆرەکاندا ئاراستەی میلی کاتژمێر بە پێوەر وەرگیراوە، کە پێوەرێکە لەلایەن توێژەرانی ئەم بوارە بەکار دەهێندرێت.


سەرچاوەی کوردی، عەرەبی، فارسی:

کریستینسین، ئارتوور، ٢٠١١، *ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان*، وەرگێڕانی سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی.

الكعبي، نصير عبدالحسين، 2008، *الدولة الساسانية*، دارو مؤسسة رسلان (سوريا- دمشق-جرمانا).

الكعبي، نصير، 2010، *جدلية الدولة والدين في الفكر الشرقي القديم، ايران العصر الساساني أنموذجاً*، منشورات الجمل، بغداد- بيروت.

مینوی، مجتبی، (١٣٥٤هـ.ش/١٩٧٦م.)، *نامهٔ تنسر به گشنسپ*، گردآورنده تعلیقات: مجتبی مینوی . محمد اسماعیل رضوانی، انتشارات خوارزمی، تهران.

سەرچاوە بیانییەکان:

1. Bivar, A. D .H., 1969, *Catalogue of The Western Asiatic Seals in the British Museum, Stamp Seals,* II: The Sassanian Dynasty. The Trustees of the British museum, SBN 7141 1008 6, London.
2. Boycy, M., 1968, *The Letter of Tansar,* Roma.

3. Daryaee, Touraj., ( 2006-7),"Yazdagerd lll 's last year: Coinage and History of Sīstān at the End of Late Antiquity" *Iranistik, Deutesprachige Zeitscrift fȕr Iranistiche Studin,* Festchrift fȕr Erich Ketten hofen. 5. Jahrgang, Heft 1&2, 2006-7.
4. Daryaee, Touraj., 2009, *Sasanian Persia,* The Rise and Fall of an Empire, New York.
5. Frye, R, N., 1973, *Sasanian Remains From Qasr-I Abu Nasr. Seals, Sealing, and Coins.* Harvard University Press, & Cambridge, Massachusetts.
6. Frye, R, N., 1984, *The History of Ancient Iran,* München.
7. Gyselen, R., 2002, *Nouveaux Matéralaux Pour la Géographie Historique de L'empire Sassanide:* Sceux Adminisratifs de la Collection Ahmad Seedi, Association Pour l' Avancement des Ẽtudes Iraniennes, Paris.
8. Gyselen, R., 2007, *Sasanian Seals and Sealings in the A. Saeedi Collection.,* Encyclopédie Permanente Des Ẽtudes Iranienes, Acta Iranica 44, In Aedibus , Peeters, Lovanii, Belgium.
9. Gyselen, R., 2019, *La géographie administrative de l'empire Sassanide,* Paris.
10. Litvinsky, B. A., 1996. *History of Civilizations of Central Asia,* The crossroads of civilizations, Paris.
11. Ilkka, S. Maksymiuk, K., 2018, *The Military History of the Third Century* Iran, Siedlce.
12. Mackenzie, D. N, (1971), *A concise Pahlavi Dictionary,* London, Oxford University press, New york, Toronto
13. Tafazzoli, Ahmad., 2000. *Sasanian Society*: Warriors, Scribes, Dehqāns, New York.


**لیستی پاشایانی ساسانی و ساڵی فەرمانڕەواییان:**

| ناوی پاشا | ساڵ | ناوی پاشا | ساڵ |
|---|---|---|---|
| ١-ئەردەشێری یەکەم | ٢٢٦-٢٤١ | ١٩- قوبادی یەکەم | ٤٨٨-٥٣١ ( |
| ٢ -شاپوری یەکەم | ٢٤١-٢٧٢ | ٢٠- زاماسپ | ٤٩٦-٤٩٩ |
| ٣- هورمزی یەکەم | ٢٧٢-٢٧٣ | ٢١-خەسرەوی یەکەم | ٥٣١-٥٧٩ |
| ٤-بەهرامی یەکەم | ٢٧٣-٢٧٦ | ٢٢- هورمزی چوارەم | ٥٧٩--٥٩٠ |
| ٥-بەهرامی دووەم | ٢٧٦-٢٩٣ | ٢٣-خەسرەوی دووەم | ٥٩٠-٦٢٨ |
| ٦- بەهرامی سێیەم | ٢٩٣ | ٢٤-بەهرامی شەشەم | ٥٩٠-٥٩١ |
| ٧- نەرسە | ٢٩٣-٣٠٣ | ٢٥- قوبادی دووەم | ٦٢٩ |
| ٨- هورمزی دووەم | ٣٠٣-٣٠٩ | ٢٧-ئەردەشێری سێیەم | ٦٢٩-٦٣٠؟ |
| ٩-شاپوری دووەم | ٣٠٩-٣٧٩ | ٢٨- فەروخان شەهر وەراز | ٦٣٠؟ |
| ١٠- ئەردەشێری دووەم | ٣٧٩-٣٨٣ | ٢٩-بۆران/پوران | ٦٣٠؟ |
| ١١- شاپوری سێیەم | ٣٨٣-٣٨٨ | ٣٠-پیرۆزی دووەم | ؟ |
| ١٢- بەهرامی چوارەم | ٣٨٨-٣٩٩ | ٣١-ئازەرمیدوخت | ؟ |
| ١٣-یەزدەگردی یەکەم | ٣٩٩-٤٢١ | ٣١--فەرڕوخ هورمز | ؟ |
| ١٤- بەهرامی پینجەم | ٤٢١-٤٣٨ | ٣٢-خەسرەوی سێیەم | ؟ |
| ١٥-یەزدەگردی دووەم | ٤٣٩-٤٥٧ | ٣٣-هورمزی پێنجەم | ؟ |
| ١٦-هورمزدی سییەم | ٤٥٧-٤٥٩ | ٣٤-خەسرەوی چوارەم | ؟ |
| ١٧- پیرۆزی یەکەم | ٤٥٩-٤٨٤ | ٣٥- یەزدەگردی سێیەم | ٦٣٢-٦٥١ |
| ١٨-وەلەخش/بەلاش | ٤٨٤-٤٨٨ | | |

**ناوی پۆست و پێگە کارگێڕیەکانی سەردەمی ساسانی کە لە نووسین و مۆر و بەڵگە نوسراوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە: نووسین و مۆر و بەڵگە نوسراوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە:**

| ناوی پۆست | خویندنەوەی | واتا | سەردەمی بەکار هێنانی |
|---|---|---|---|
| *handarzbed/Andarz bad* | هەندەرزبید/ ئەندەرزبێد | سەرپەرشتیار(ڕاوێژکار) | سەدەی چوارەم← |
| *Shahrāb* | شەهراب | فەرمانڕەوا یان پارێزگاری (ناوچەی) | لە ئەخمینیەوە بۆ← ساسانی← |
| *Mowbed* | *مۆوبێد* | موبێد (سەرۆکی پیاوای ئایینی) | هورمزی یەکەم ←لە دواتردا پۆستی موبەدی موبەدانیش داندراوە، کە دەسەڵاتی بەسەرموبید و دادگاکانیشدا هەبووە. |
| *Darīyōšān jādaggōw ud dādwar* | *دەریۆشان - جادەگاو-ئود-دادوەر* | داکۆکیکار و دادوەری هەژاران | قوبادی یەکەم ← |
| *Mowūh/mow* | مۆغ/موە | موغ | هەموو سەردەمی ساسانی |
| *dādwar* | *دادوەر* | دادوەر | هەموو سەردەمی ساسانی |
| *āmārgar* | ئامارگەر | ژمیریار | هەموو سەردەمی ساسانی |
| *Dibīr/ Kārfarmān/Kārdārn* | دبیر، کار فەرمان/کەردەرن | نووسەر(ئەوانەی کاری نووسەری و هەڵکۆڵین)ی نوسینیان کردووە) | هەموو سەردەمی ساسانی |
| *Ērān-spāhbed* | ئێران-سپاهبێد | فەرماندەی سوپای ئێران | لەسەردەمی ئەردەشیرەوە یەک فەرماندەی سوپا هەبوو بۆ گشت سوپای ساسانی بەڵام لەدوای چاکسازیەکانی خەسرەی یەکەم سوپا دابەشکرا بەسەر چوار سپاهبید دا *Spāhbed'* |
| *Ēwēnbed* | ئیوان بێد | سەرۆکی دیوان | سەردەمی قوبادی یەکەم← |
| *Wāspuhragān-framadar* | واسپورەگان-فرەمەدار | سەرۆکی خانەدانان | لە ئەشکانییەکانەوە بۆ ساسانییەکان ماوەتەوە |

نەخشەی ژمارە(١) دابەشبوونی جوگرافیایی ناوچە و یەکە کارگێڕییەکانی



بە دەسکارییەوە سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: (Gyselen, 2019, ff.248)